Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.09.03 01:43:45 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# ناکۆکی سەرەکی

**حەمەسەعید حەسەن**

سەرەتای سالآنی هەشتا کە لەشکری ئێران بە ناوی پاکسازییەوە مافووری لەژێر پێی دیموکرات ڕادەکێشا و لە باشووری کوردستان نزیک دەبووەوە، ینک بە هێزێکی گرنگ شانبەشانی حدکا شەڕی ئێرانی دەکرد و دەیویست سنوورێک بۆ بەرەو پێشەوە هاتنی ئێران دابنێت. ئەو هەڵوێستەی ینک نە لە کوردستانیبوونییەوە بوو، نە بە مەبەستی ڕاکشیانی سۆزی ڕژێمی عێراق بوو، (ئاخر شەڕ لە نێوان ئێران و عێراقیشدا گەرم بوو،) بەڵکوو دەیزانی هاتنەپێشەوەی ئێران، هاتنەوەی پدکی بە دوادا دێت، (ئاخر ئەوسا ئێران و پدک، موو بە نێوانیاندا نەدەچوو،) بۆیە هەوڵی ینک بۆ ئەوە بوو، پدک نەگەڕێتەوە. هەر بۆ هەمان مەبەست، کە ئێران لە گمۆ نزیک بووەوە، ینک لێ گەڕا لەشکری عێراق بە ناوچە ئازادکراوەکاندا جادە بەرەو گمۆ لێ بدات، تا پێش بە ئێران بگرێت؛ ئاخر ئەوەی پێ باشتر بوو، شاربازێڕی ئازادکراو بکەوێتەوە بن پۆستاڵی ڕژێم، نەک ژێر دەستی پدک.

هەنووکە کە تورکیا هەڕەشەی داگیرکردنی موسڵ و کەرکووک دەکات و (ینک)یش نەک هەر ڕستەیەک لە دژی ئەو هەڕەشەیە ناڵێت، بەڵکوو سەرقاڵی چەواشەکردنی کوردە و بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە کوردی مارانگەستە، ترسی ژاری تورکیای نەبێت، لە سۆنگەی ئەوەوەیە، ینک وای پێ باشترە، نەک هەر موسڵ و کەرکووک، بادینان و هەولێریش بکەونە ژێر چەکمەی لەشکری گورگەبۆرەوە و لە ژێر دەستی (پدک)دا نەبن، ئاخر ناکۆکی سەرەکی ینک، لەگەڵ (پدک)دایە، نەک لەتەک تورکیا، یان عێراق.

(ینک)ێک بۆ لاوازکردنی پدک، ئامادە بێ، دەست بخاتە نێو دەستی بەرەی تورکمانە شۆڤێنیستەکانەوە، ئیدی چۆن خەو بەو ڕۆژەوە نابینێت، لەشکری تورکیا لە ناوچەکانی (پدک)ەوە بەرەو کەرکووک بە ڕێ بکەوێ؟ ئەدی لە بیرتان چوو، جەلال تاڵەبانی بە مەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی بارزانی، سالآنی ٦٦ تا ٧٠ی سەدەی پێشوو، کوتەکی دەستی لەشکری عێراق بوو؟ لە بیرتان چوو، بۆ ئەوەی لە شەڕیان لەگەڵ (پدک)دا، ئێران پشتیان تێ نەکات، چەکدارانی ینک، بۆ لێدانی دیموکرات، ٣٠ی تەممووزی ١٩٩٦، لە باشماخەوە تا کۆیە، کە ٢٠٠ کیلۆمەتر دەبێ، پێش پاسداران کەوتن؟ بۆ هەڤاڵ مام جەلال، ناوی خۆی لە بیر بچێتەوە، گۆڵە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی لە بیر دەچێتەوە؟

کە جەلال تاڵەبانی ئەمڕۆ شتێک دەبێژێت و سبەی بە شتێکی دیکەی لێک دەداتەوە، با ئەوە جێی سەرسووڕمانی کەس نەبێت، ئاخر ئەو تەنانەت لە ناونانی کوڕەکەشیدا هەمان ڕێسای ڕەچاو کردووە. کە چەپەکان لێی دەپرسن، بافڵ چییە، دەڵێ: قارەمانی ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرگییە. کە نەتەوەییەکان دەپرسن، بافڵ، مانای چی؟ دەبێژێت: تاڤگەیەکە لە چەمی ڕێزان، هەر بۆیە هەڤالآنی بەعسی سوریا، بە ئەبوشەللال* بانگی دەکەن.

2002. 09. 03

* شەللال: بافڵ، ئاوهەڵدێر، سۆلاڤ، تاڤگە.